# ئەستێرەیەك بیرەوەریم بۆ هەڵناگرێ
# تا منداڵیم لەژێریا وەنەوزێك بدا!

ئارێز سمكۆ



-پ-

منداڵیم چ ئەفیونێكە؟
سەراپای جەستەمی بێئاگاو سڕكردووە
من لەكوڕی مەملەكەتی قوڕاو بووم
من سەگی ئێوارانم لەشار پاس دەكرد
دەمبردن بۆ ئەودیوی قەدەرو
لەوێشەوە تەسلیمی عەدەمم دەكردن
هیچ چۆلەكەیەك نەمابوو
من باڵیم نەكردبێت و
دوایش لەنێو دەستە چكۆڵانەكەم نەملاواندبێتەوە
تا تێر تێر هەستم دەكرد من باوكیم
ئیدی دڵم نەدەهات خواردنی پێبدەم نەوەكا بمرێت!
تا دوایی لەبرسان دەمرد و
گۆڕێكم بۆ هەڵدەكەند و تێر تێر بۆی دەگریام
هەموو مەبەستم ئەوەبوو یەكێ فرمێسكم بسڕێت و
بڵێ منداڵ بۆچی دەگرییت؟
سەیرە چ سەربووردەیەك دەگێڕمەوە
ئێوارییەك كە پڕتەقاڵی خۆی دەنواند
بەهەندێ ڕاز و سەربووردەی زوو
خۆم دەخزاندە ناوی بیرەوەریی هاوڕێكانمەوە
ئەوانیش كۆڵێ فرمێسك و
دنیایەك ئازاریان بۆ هەڵدەگرتم
سەیرە من سەرگوزشتەی خۆم
بۆ هاوڕێیانی هەڵگری ئازار دەگێڕمەوە

-ە-

دوای ئەوەی مەملەکەتی خەیاڵم سڕ...سڕ
منیش مەستانە ئاوازێکی تەنیایم دەچڕی
تا چاو بردەکات ئێش هەڵبگرێت و
بمباتەوە دنیای خەیاڵ و بچووکی
ئێستاش لەچاوەڕوانی ئەو خەیاڵە شێتەم
کە بەپەنهانی دەفریم و
کەسێ نەبوو باڵم بکات و بە ئاگام بێنێتەوە
سەیرە چ ئازارێك سڕی کردووە لەم مەملەکەتدا
ئەو مەملەکەتەی منیان نەویست
ئەوان نەیان دەتوانی لەمن تێبگەن
نا هەر نەیاندەویست...
ئاخر تێگەیشتنیش لەمن دژوارە
من بە وتەی پەریزادەیەك مەنگم
بە گێرانەوەی هاوڕێیەکی قوڕاویم
کە لەفریشتەیەکی بیستووە
پڕم لە نهێنیی هێمن و درێژ !
تا ئێستاش بیرمە پێیان وتم
پێناسەکی مەملەکەتی خۆت بکە
دەبێ مەملەکەتی قوڕاو چ پێناسە و
ماناییەکی وا بگەیەنێت
تا من بۆ ئێوە هاوڕێ پێناس بکەم

-ن-

من دەمەویست ئەستێرەیەك
کە دەمەو نیوەڕووانان بەدیار دەکەوت
بیکەم بەهاوڕێی خۆم
تا هەموو ڕازەکانی لەلا بدرکێنم
تا بیر بڕی دەکرد پرسیارو پرسیار
لە وەڵامەکانیشیاندا گومانی درێژ
گرینگ نەبوو من دەگەیشتم بە قنیات
ئاخر هیچ نەبوویا ئەرخەیان دەبووم و
وەك گێژەلووکە نە دەجمام
من گەرەکم بوو ئەم ئەستێرەیە
بمناسێ و بیناسم
گەڵێ بە حەسرەت بووم بێت بۆ لام
هەتا ڕۆژێك ئەستێرەکە هەڵەی کرد و
دەمەو عەسرێك کە شین خۆی دەنواند
هاتە ئاسمان و تێر پێم پێکەنی

نیازم وابوو بچمە لای و پێی بڵێم
ئەرێ ئەستێرە ببە بەتوخمی من و
یانیش هیچ نەبێ من ئەبم بەتۆ
لێم بگەرێ وەکو تۆش شین دەبم
بەمەکرێکەوە کە دەستی لەنێو قژیدابوو
پێی وتم:
ـ تۆ کێی، هی چ مەملەکەتێکیت؟
ئەی هاورێیان منی مەملەکەتی قوڕاو
سەیرە چ پێناسەیەکی خۆمی بۆ بکەم
ـ من ، من ...............

-ه-

پاش دیالۆگێکی درێژ لەگەڵ ئەستێرەکە
من رەش و قاوەیی هەڵگەرابووم
ئەویش لەجاران شینتر خۆی دەنواند
ئەی ئەستێرەی شین، دە قاوەیی ببە
سەیرە من گەرەکمە ئەستێرە قوراوی بکەم
ئەرێ ئەستێرە دەبیت بە هاورێم
ـ چی هاورێی مەملەکەتی قوراو؟!
ئەرێ ئەستێرە هاورێ کوری.......
بۆ ئەوە هەموویان هاورێنین
هاورێیان هەڵگری ئازاری یەکدی نین؟
ئەم ئەستێریەش رووی وەرگێراو
نەبووە هاورێی هەڵگری ئازارەکانم
سەیرە من دەمەوێت
ئەستێرە ببێت بە هاورێم......

-ا-

ئێمە چین جگە لەهەڵگری نهێنی
نهێنیی خۆمان و کەسانی تر
ئا باران نەهێنیی هەوری هەڵگرتووە
لێ هەرگیز بۆ گیایەك نایدرکێنێ!
ئەو ئەستێرە شینەی ئامادە نەبوو
ببێ بەهاورێم و بیرەوەریم بۆ هەڵگرێ
ئەمن ئەو ئەستێرەم بەر لە مێژوو
هەر بەر لە ئەوەی مەملەکەتی قور دروست بێ و
خانووچکەکەی ئێمە تێدا چێ بکرێت
لەدوورەوە ناویم بیستبوو ئەمناسی
وەلێ رۆژگاری منالی و کالیم

ئەو ڕۆژگارەی کوڕی مەملەکەتی
قوڕاو و هاوڕێی بەستەڵەك بووین
کەچی ئەو ئەستێرەیە سەختە
چونکە بیرەوەرییەکانی بۆ هەڵنەگرتم

-ن-
دونیا خەونێك بوو و
خەونی ئێمەی منداڵی پەرتەوازە کرد
ئێمە نە دەگەیشتن بە باران و
لە هەور توورە بووین
تریفەی مانگمان خۆش دەویست
وەڵی مانگ خۆی زۆر دوور بوو لە ئێمە
بە شنەیەك هەناسەمان هەڵدەمژی
کەچی لە باڕۆڤە دەسەمینەوە
هەموو گەورەکان بوون
وایان لێکردین ڕقمان لە ئاو بێ و
بە بەهار نیگەران بین
ئا ئەوە دواجار ئەم ئەستێرەیەش بوو
وای لێم کرد ڕقم لە هەر شتێ بێت
کەماڵی لە ئاسمانە
لە فریشتە جوانەکان بترازێ
چیترم خۆش ناوێت
ئاخر دڵم بە گوللەی پیاوەکان کوژرا و
بەقەدەری ئیلاهیی تێگەیشتم
تاقە ئەستێرەیەك بوو هەر تەنیا یەك ئەستێرە
وەها دڵی تۆراندم
هەرچی ئەستێرە هەییە ڕقم لێی بێت
درۆییە شاعیرەکان
ئەستێرەییەکی لەم جۆرەیان خۆش بووێت
کە ڕازەکانی بۆم هەڵنەگرت
نا ئێستە دڵم بەچەشنێ تۆراوە
بە هەرچی گیای دونیاش هەیە شاد نابێتەوە
هەرچی ئاوی دەریاکان هەیە
بەسەریدا بڕژێنیت پاك نابێتەوە.

